غازی فاتح وەیس
لندن 2/2/ 979

# کاتێ ...
# خەم ئەبێتە پرسیار

سەر بوو بوو بە تابووت و لاشە خنکاوەکانی لافاوی ژیانی بێ ئەبرا بۆ گۆڕستانی ئازار .. ئەمەندە پرسیارو وەڵامی تێ ئاخنی بوو وەکو شارە زەردەواڵەی لێهاتبوو ، یەك بەوی تری ئەووت سەرەی دەرچوونی منە .

ـ تۆ بڵێی شوێنی وورتە وورتی نا بەدڵییەکی خۆمی تێدا مابێ ؟

جار جاریش ئەیووت :

ـ ئافەرین سەر ئەوەندە زل بی و وەکو تەنەکەیەکی ڕزیو بە کەڵکی هیچ نەیەی ؟! ئینجا ئەیووت :

ـ بەخوا گوێشم بەقورقوشم پڕ بکەمەوە هەر تێی ئەئاخنێ ، ئیتر سەرچی بکات ، بەرگە چۆن ئەگرێ ؟ زۆر خۆی بەهەموو کون و قوژبنێکدا ئەکا ، ڕێ لە ڕێبوار ئەگرێ پەردەی گوێ ئەپسێنێ ، قورقوشمیش ئەسمێ !

« بزەیەك بەنیوە چڵی لەبنی لێوەکانیەوە دەرباز بوو .

ـ بۆچی‌یە ؟ تۆوا ئەڵێی ؟

ـ ئەی تۆ ئەڵێی بێ شەڕ فرۆشتن زۆر زۆرداری خۆی ئەنوێنێ ؟

ـ ئەی کێ ئەڵێ نەء ؟

ـ کورە دەووس بە ، خۆ نواندن بێ زۆرداری کوا !

ـ ئەی ئەگەر پێڵاو بیەوێ قاچ ناتاسێنێت ؟

« بەگرانی سەری دانواندو سەیرێکی پێڵاوەکانی کرد .

ـ پەح پەح هەر ئەم پرسیارە مابوو بئاخنرێتە سەرمەوە .

« پێڵاوەکانی قوڕو چڵپاو ڕەش و بازووی کردبوون و بەدڵو دەروونی پێیدا ئالابوون .

ـ ڕاست ئەکات ، لەوەیە پێڵاوەکانم نەزانن ئەمەیان لەدەست دێت .

ـ من نالێم .. بەڵام ئەگەر ؟

ـ ئەگەر چی ؟

ـ هیچ .

لەبەرخۆیەوە ئەیووت :

ـ گاڵتەم بەو خۆرە دێت کە لەزستاندا جگەرەی خەم داناگیرسێنێ بەزەییم بەو دەریایەدا دێت کە شەوو ڕۆژ شەپۆلەکانی بە شپەرزەیی بەرەو کەنار ئەڕۆن و ناگەنە بیابانە لەتینوودا خنکاوەکان .

ـ ئەوە ئەڵێی چی ؟

ـ هیچ

ـ ئەی تۆ هیچی پێ نادەیت ؟

ـ نەخێر .. ئەگەر بمویستبایە لەمێژدا پێم ئەووتی کڕیاریم .

ـ خوا حافیز

ـ ئاخر تۆ وەرە .. بزانم .

ـ ئەبێ بڕۆم

ـ ئاخر وەرە ، ئەبێ نرخی بۆ دابنرێت و تەنیا تۆش شك ئەبەم .

ـ بۆمن ؟ من کەی حیسابزان بووم هەتا بزانم یەك و دوو ئەکاتە چەند

ـ لە خەودا پێیان ووتووم .. وەرە

ـ باشە ئەگەر من ئەمەم کرد ، کڕیاری هەیە ؟

ـ زۆر ، هەموو شتێك بە تاقی‌کردنەوە نییە ؟

« زەنگوڵی لەیەکدانەوە کرا بە ملی کەڵەکێوی شاخ و هەرددا ... کێ بەرکێی لەش و دەروون کرا بەیەك بۆ وەڵامی پرسیاری مان و نەمانی لاشەی ژێر شەپە دەرزی سیستەری نەخۆشخانەکانی سی و جگەر .

ـ ئەی یاسا ئەڵێ چی؟

ـ کەی هەموو شتێك بەزۆر چەسپا ،
یاسا ئەڵێ هیچ .

chalakmuhamad@gmail.com

ـ ئیتر مەبەست لە کەم و زۆری چییە لەژیاندا؟ـ
ـ ئەبێ خۆت لێ هاتووبی و بزانی ووشەی مردوو چۆن زیندوو ئەکرێتەوە .
ـ ئەگەر وابێ ئەبێ نرخ بەرەو بازاڕی فرۆشتن بڕوات .
• پێکەنینی بەم قسەیە ئەهات و لە دڵی خۆیدا ئەیووت
ـ منی کرد بە وەکیلی خۆی ، حەزبکەم ئەڵێم زۆر بەدرۆ کەم بەڕاست ، خۆم وەکیل نیم ؟
• زەردەخەنەیەک شەقڵی لێوە هەڵپزرکاوەکانی شکاندو هەرچی ئازاری لاشەی ئازار دراوی نێو گۆڕ هەیە لەژیاندا تێیدا بەدی ئەکرا .
ـ ئەی ئەگبەت · نازانم بەم شێوەیە کاممان بەختیارین ، بڵێم زۆر پاکەم بەدەستی خۆمە .. من وەکیل‌نیم ؟ بەڵێ کەس هەیە بڵێ نەء ؟ نەخێر .
ـ تۆ بڵێی نرخی بۆ دابنێ ؟
خۆ ئەو نازانێ من بەزۆر یا بەکەم تێ‌هەڵئەچم ، یا قازانج ناکەم ؟
• تەمی خەم وەکو هەور سەرو بنی دڵی داگرت‌و چاوەکانی وەکو پەنجەرە بەپەردەیەکی ڕەش دادرایەوە .
ـ بڵێ بۆ ئەمم کرد بەوەکیلی خۆم ؟
بۆ تەنیا ئەم کرد بە وەکیلی قسە کردنم ؟ ئەمجا ..
ـ ئەمجا چی ؟
ـ هەرچی بکردبایە مێشکم بەقسەی نەئەکرد . خۆزگە ئەمزانی بەکۆکردنەوەو لێ‌دەرکردن مەسەلەکە ئەگۆڕی ؟
• سەیرێکی تری پێڵاوەکانی کردو خێسەیەکی لێ‌کردن .
ـ ئەی کوا سەرو بنی پێڵاوەکانم و قەیتانەکانیان هیچ جیاوازییەکان نییە ؟ وەڵاهی هەموویان بۆ پێ دروست کراون .
ـ ئاخر بەزەییم بەسەرتدا دێتەوە .
ـ تۆ چیتە بەسەرەوە ، تۆ وەڵامی خۆتت ناوێ ؟
ـ نێ بەڵێ .
• سەری ڕەش هەڵگەڕابوو ، وەکو تۆ پی پێ بە قەیتانێکی سپی درزی دەمی پێ چنرابوو وای زانی پێڵاوەکانێتی قاچی بەرز کردەوە ، بەرز کردەوەو بەرانبەری ڕای گرت .
بەخەتێکی ووردی ڕەش لێی نووسراوبوو ئەمەیەو ئەمیشیان هیچ .

# لەگەڵ

حیدر عبدالرحمن

شانۆگەری (شێت)ی بولگاکۆف بە ئامادەکردنی شانۆگەری (بورژوازی نەجیب زادە ـ Le bourgeois gentillehomme ـ ی مۆلێر دادەندرێت ، کە نزیکەی سەدەو نیوێك دەبێت مۆلێر نووسیویەتی‌و بۆ شانۆ دەری هێناوە . بولگاکۆف لە ئامادەکردنەکەی‌دا هەندێ جوانکاری لە شانۆگەریەکەی مۆلێردا کردوە بەوەی کە لەسەر هەمان ڕێچکە کۆمیدیەکەی ئەو ، سوودی لە تەکنیکی نوێی نووسین‌و دەرهێنانی شانۆیی‌یەوە وەرگرتووە ، هەروەها هەوڵی ئەوەشی داوە کە لە هەندێ هەڵوێستی سەرەکی ، لە وێنەکێشانی کاراکتەرەکان‌دا ، یان لە دروست‌کردنی ڕووداوەکان‌دا لە ـ مولێر ـ جیا بێتەوە ، بەڵام لە جۆرگان ـ دا کە بوتە کۆرەگەی شانۆگەریەکەی بولگاکۆف نەیتوانیوە هیچ گۆڕانێکی تێدا بکات ، یان بەشێوەیەکی تر بڵێین دەقاو دەق گواستویەتیەوە ، هەروەهاش بە گوێرەی کاراکتەرەکانی تریشەوە .
مۆلێر لەم شانۆگەریەی‌دا بەروون‌و ئاشکرایی چینە ئەرستۆکراتی‌یە بورژواکان ڕیسوا دەکات ، بولگاکۆف ـ یش هاتووە ئەم ڕیسوا کردنەی قووڵترو گەورەتر کردوتەوە .
جیاوازیەکی زۆر لە نێوان سەردەمی مۆلێرو بولگاکۆف‌دا بەدی دەکرێت سەدەو نیوێکیان بەینە ، لەو ماوە دوورو درێژەدا دونیا لە هەموو لایەنەکانی ژیانەوە پێشکەوتنێکی تێکڕایی بەخۆیەوە بینیوە ، واش ڕێکەوتووە کە هەر یەکێکیان پەنجاو یەك ساڵ تەمەن بەرنە سەر .